


# پیرۆزبایی

**بەڕێزان و خۆشەویستان:**

تاهیر حەسەن - جەبار سابیر - جەلال محەمەد - جیهاد محەمەد - حەمە غەفور - دارا ئەحمەد - ستار محەمەد قادر - سەردا عەبدولا - سەلام عەبدولا - شەماڵ عادل سەلیم - شوان سدیق - فەرهاد کەریم - مەهدی حەمید - هەژێن - هیوا رەش.

بە بۆنەی ماندوونەناسییتان و بە بڕشتیی فلچە و پێنووسە بوێرەکانی یەکە بە یەکەتان کە توانیوتانە بە شەونخونیی خۆتان هەر یەکەو پتر لە ١٠٠ بابەتی جۆراوجۆری جوان و بە پێز لەسەر ماڵپەڕەکەتان (ئەمڕۆ)ی ئازاد و سەربەخۆ و سەر بە خۆتان بڵاوبکەنەوە.. بەوپەڕی گەرمییەوە دەستتان دەگوشین و پیرۆزباییتان لێ دەکەین.

هەر لێرەوە حەز دەکەین بە روخسەتی ئێوە سوپاس و پێزانینی خۆمان بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەش بنێرین کە تا ئێستا لە ئەمڕۆ - ئەگەر بە یەک دانە بابەتیش بووبێ - بەشدارییان کردووە، چونکە ئەمڕۆ بە ماندووبوون و کاری هەرەوەزیی ئێوە و تەواوی بەشداران بۆتە ئەو ئەمڕۆیەی کە ئێستا هەیە، هیواداریین وەک چۆن (ئەمڕۆ)تان گەشاندووە ئێوەش هەردەم لە گەشانەوە و سەرفرازییدا بن، هەر بمێنن بۆ بەرهەمی پتر و بە پێزتر و فەرهەنگی پێشکەوتنخوازانە و هەڵوێستی ئازادییخوازانە و دژ بە دەسەڵاتداران لە پێناو کوردستانێکی سەربەخۆی ئازاد و یەکسان لە نێو جیهانێکی بێ چەوسانەوە و زۆرداریی.

ئیدی لەگەڵ ژیانێکی پڕ لە ئازادیی و ئاسوودەیی بۆ هەمووتان.

دەستەی بەڕێوەبەری ماڵپەڕی ئەمڕۆ

٢٠١٣/٢/١٩

www.emrro.com

emrro@emrro.com